Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090404

# زمانی شیعری زیندان

امید رحیم شمس الدین

بەشی زمانی کوردی // کۆلێجی زمان و زانستەمرۆڤایەتییەکان // زانکۆی گەرمیان

عەتا عەلی ئەمین

بەشی زمانی کوردی // کۆلێجی پەروەردە // زانکۆی گەرمیان

*Article Info*

Received: September , 2022
Accepted : November ,2022
Published :December , 2022

*Keywords*

زمانی شیعری، شیعری زیندان، لادانی زمانی.

*Corresponding Author*

omed.rahem@garmian.edu.krd
ataali779@gmail.com

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ تیشك خستنە سەرشیعری زیندان بەگشتی و زمانی شیعریی تایبەتی ئەودەقەشیعرییانەی بە سەلیقەی دەروونیی ڕاست وڕەوان لەکونجی تاریکیی زیندانەکاندا نووسراون، هەروەها هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی خاسیەت و تایبەتمەندییەکان و لادانی زمانیی ئەو شیعرانە، کەبەمەبەستی فراوانی و بۆگەیشتنەئامانج و بەدەستخستنی ئەنجامەکان، سنووری توێژینەوەکەتایبەتکراوەبەو شاعیرانەی کەبەدیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست و سەر بەباشووری کوردستانن لەنێوان ساڵانی (1920-1970). بۆئەم مەبەستەتوێژینەوەکەمان دابەشکردۆتەسەر پێشەکیەک و دوو بەشی سەرەکی، کەلایەنی تیۆری و پراکتیکیی توێژینەوەکە دەگرنەوەلەڕووی چەمک و پێناسەی زمانی شیعرییەوە، سەرباری ڕاوبۆچوونی هەندێك لەنووسەران و لێکۆڵەران، باسی زمانی شیعری لەو ماوەیەدا و ئەو گۆڕانکاریانەی کەبەسەریدا هاتوون. لەڕووی پراکتیکییەوەهەوڵدراوەخاسیەت وتایبەتمەندی زمانی ئەم جورە شیعرە بخەرێتەڕوو بەهێنانەوە و شیکردنەوەی چەند نموونەیەکی شیعری.

پێشەکی:

زمان رۆڵێکی گرنگی هەیە لە هەموو ژانرە ئەدەبییەکاندا بەتایبەتی لە شیعردا، شیعری زیندانیش زادەی کۆژان و ناڵە و هاوار و فریادی مرۆڤی ستەم لێکراو و سەرکوت و بێبەشکراو لەئازادییە، گوزارشتە لە ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەییەکانی شاعیری زیندانیکراو، کە لەژێر زەمین و ژوورە تاریکەکان و ئەودیوی شیشەئاسنینەکانی زیندانەوە نووسراون، کە هەست و خرۆش و سۆزیان بەزمانێکی سادە و روون و ڕاستگۆیانەوە دەربڕیووە. لەم سۆنگەوەهۆی هەڵبژاردنی بابەتەکەهاتەکایەوە. لەلایەکیترەوەگرنگیی ئەم توێژینەوەدەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە بەشێوەیەکی سادە نەبێ توێژینەوەی لەسەرنەکراوەو ئەوەی هەیەلە چوارچێوەی ئەدەبی بەرەنگاریدا خراوەتەروو. بۆ بەدەستهێنانی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی ڕێبازی (پەسنی- شیکاری) بە کارهێنراوە. سنووری توێژینەوەکەتەنها ئەو دەقانە دەگرێتەوە کە لەناو ژوورەکانی زینداندا بەتایبەت ئەو انەی بەدیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست و لە باشووری کوردستان نێوان ماوەی ساڵانی(١٩٢٠-١٩٧٠)دا نووسراون. بۆ ئە م مەبەستەتوێژینەوەکەمان پۆلێن کردۆتە سەر پێشەکییەك و دوو بەش، بە شی یەکەم: لەدوو پار پێکهاتووە، یەکەمیان بۆ باسکردنی چەمك و پێناسەی زمانی شیعرییەبەگشتی، دووەمیان بۆ باسکردنی زمانی شیعریی ئەدەبی کوردییەبەتایبەت. بەشی دووەم: پاری یەکەمی تایبەتەبەزمانی شیعری زیندان لەباشووری کوردستان وپاری دووەمیان تایبەتکراوەبەباسکردنی لادانی زمانی لەشیعری زینداندا. لەکۆتاییدا گرنگترین ئەنجامەکانمان خستۆتەڕوو لەگە ڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکەبەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

بەشی یەکەم : زمانی شیعری:

پاری یەکەم: چەمک و پێناسەی زمانی شیعری:

زمان دیاردەو سەلماندنی مرۆڤە، بۆ مەبەستی پەیوەندیکردن و ڕێکخستنی ئەو پەیوەندییانەهاتۆتەئاراوە، لەم بارەیەوە(د.محەمەد مەعروف فەتاح) دە ڵێت:"زمان چۆنەبیرەوەلەگەڵ خەوی مرۆڤدا تێکەڵ بووەو تەنانەت پەیوە ندی مرۆڤ لەگەڵ خەڵکیترو دەوروبەریدا دیاری دەکات، بێ بوونی کۆمەڵ مرۆڤ نایەتەکایە"(فەتاح، 2011: 9). کەو اتەزمان پێویستییەو مرۆڤ هەر لە دێرزەمانەوەکاری پێی هەبووە، بەم پێیەش بێت زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایە تییە، بەڵام زمانلەشیعردا جیاوازو باڵاترەلەزمانی ڕۆژانەی ئاسایی ئاخێوە ران، شاعیر ئەم زمانەئاسایی و سادەییەی خەڵك دەکاتەبنەما و کەرەستەی شیعری و لەو اتا فەرهەنگی و سروشتییەکەی دووری دەخاتەوە، بەجۆرێکی دیکەو ئەرك و ڕۆڵێکیترەوەبەگەڕیان دەخاتەوە، کەجێگای سەرنج و تێڕامان بێت "شیعر بەزمانێکی هێندەباڵا دەنووسرێت هەر دەڵێیت شای دەربڕینە، زمانی شیعری جوان هەر لەزمانێك دەچێت دەڵێیت زمانی گیاندارێکە لە ئینسان باڵاتر، دەڵێیت لەئاسمانەوەدێت و لەو زمانەدەچێت، کەفریشتەپێی دەپەیڤێت...، شیعری جوان ئاوی حەیاتی ژیانی زمانە، لێ ناگەڕێت گوڵی زمان بژاکێت".(حەسەن، 2010: 107).

(ڕیچاردز) دەڵێت:"شیعر شێوەی هەرەبەرزی زمانی سۆزە"(دزەیی، 2009: 137)، و اتەزمانێکەپڕو لێوان لێوەلەسۆزو هەست، کەئەمەش تایبەتمەندی زمانی شیعرییە، هەروەها (ڕسکن)یش دەڵێت:"شیعر دەرخستنی سۆزەلە ڕێگەی ئەندێشەوە، و اتەزمانی خوازەیە"(دزەیی، 2009: 137). هەروەها (محەمەد فەریق حەسەن)یش ڕای و ایە، کەشیعری باش و خراپ بەزمانی شیعرییەکەی دەنرخێنێ و سەنگ و تەرازووەبۆ جیاکردنەوەی ئەو دوو جۆرە لەیەکتر "زمان ئەو سەنگ و تەرازوویەدەقی پێدەنرخێنێ، چونکەهەرزمانە ملانێ و جو انکاری و هزر و هەست و سۆزەکانی لەخۆیدا هەڵگرتووە، کاتشوێن، هەر بەزمان گوزارشتیان لێدەکرێ، هەر لەسۆنگەی زمانەوەیەدە قێك بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێ و دەقێکی دی بەرەو داڕزان ڕۆ دەچێ"(حەسە ن، 2005: 134)، بۆیەلەکورتترین پێناسەدا، شیعرزمانە، زمانیش ئەوچەق و ناوەندەیەکەجێگای پێکگەیشتن و ئاوێز انبوونی هەموو جو انی و قەشەنگیە کانە"لەکرۆکدا شیعرپەیامێکی زمانییەلەدەربڕینی ئێستێتیکادا، شیعرلەزمان و شتەکان پێکدێت، بەڵام زمان ناوەندێکی ڕاستەقینەیەولەڕێکخستنێکی تایبە تی زمانیدا دەبێتەشوێنێك یان تایبەتکاریی شوێن بۆ یەکگرتنەوەی جو انییە کان"(ڕەنجدەر، 2011: 207).

جگەلەجو انی و ئێستاتیکا، زمان ئەو مەڵبەندەیە، کەو اتا و ڕەهەندی جۆراوجۆر بەپەیڤەکان دەبەخشێ، کەلەوەوپێش هاوشێوەیان نەبووە"لەتە ونێك دەچێت، کەلەنێو ئەوتەونەدا، ماناکان بەها وەردەگرن، بۆ نموونە(نێر) تەنها لەپاڵ (مێ)دا و اتای هەیە، ئەمەلەلایەك و لەلایەکی دیش پەیوەندی (دال و مەدلوول) دەکاتەیەکێ لەو چەقانەی کەلەسەری دەگیرسێتەوە"(مە لا، 2005: 52).وشە وواژەمانا و ڕەهەندێکی کۆنکرێتی نابەخشن و هەمیشەلە دەقێ بۆ دەقێ، شاعیرێ بۆ شاعیرێکی دیکە، هەمان و اتا و مەغزا بەدەستەوە نادەن، بۆیە پێویستەلەسیاقی دەقدا لێکدانەوەبۆ و اتای وشەبکرێت، "جیهانێکی پێشبینینەکراو و گومڕاکەرەو بەردەوام وا لەنووسەردەکات نەهێڵێ جیهانێکی سادەوکەم کاریگەربخاتە دەقەوە، وای لێ دەکات کۆمیدیاکان بکاتە تراژیدیا و تراژیدیاکان بکاتەکۆمیدی.هەر نووسەرێك بەئاراستەیەکی جودای دەلالەتدا لەزمان ورد دەبێتەوە، بەڕادەیەك وەسفکردنی وشەیەك لەلای سە د نووسەردا دەشێت سەد و اتای جیاوازی هەبێت و سەد دەوری جیاوازی هە بێت لەڕستەی شیعریدا"(ئەحمەد، 2008: 207).

زمان پایەو بڕبڕەی شیعرو داهێنانەو بەهۆی ئەوکاریگەرییەگەورەی کەهەیە تی یەکێکی وەکو (هایدگەر) پێی و ایە، کە: "مرۆڤ زمان بەکارناهێنێت، بەڵکو ئەوەزمانە لەمیانی مرۆڤەوەقسەدەکات"( عەبدوڵڵا، 2010: 21). گەر لە زمانی ئاساییدا وشەو موفرەدەکان هەڵگری تاقەو اتایەك بن ئەوا لەشیعردا دەبنەخاوەنی زۆرترین و اتا "زمانی شیعروشەکان ڕێك دەخات و پڕو اتایان دە کات، ئەو و اتایەی کەلەئەنجامی تێکەڵ بوونی و اتای دروست و خوازەیی لە لایەك و بینای ڕیتم لەلایەکی ترەوەهەڵدەقوڵێ"(ئەحمەد، 2009: 180). جا شاعیر بیەوێت ئیستاتیکا و داهێنان بخولقێنێ پێویستەزمان تێکبشکێنێت، لەدەستوورەباوەکانی لابدات، چونکەزمانی شیعری لەناو ئەو شەڵەقان و تێکچڕژاوەییەی زماندا دەسازێ، (یاکوبسێن)، "شیعری بەئەرکی جو انناسانە ی زمان و هێرشی ڕێکخراو و شارەز ایانەبۆ سەرزمانی ڕۆژ انەناودێر دەکات" (ئە حمەدی، 2004: 87). شاعیر بیەوێ تێکستێکی بەپێز و جاویدانی بئافرێنێ، نابێت سڵ لەهیچ بکاتەوەپێویستە پەنا بۆ هەموو ڕێگەیەك ببات ئەگینا پە یامەکەی وەکو وتار و ڕاپۆرتێك بەخوێنەر دەگات و ناتو انێ لەسنووری زمانی ئاسایی بپەڕێتەوە، بۆیەشاعیر بۆ هەرکارێك لەخزمەتی تۆکمەکردنی بەرهەمە کەی بێت ڕێگەی پێدراوە، ئەوەی بۆ شاعیر لواوەبۆ کەسیتر بەو جۆرە نییە، (حەمەسەعید حەسەن) لەم بارەوەدەڵێت:"شیعری جوان مل بۆ دابونەریت

کەچ ناکات و نەسنوور و بەربەست دەناسێت، شیعری جوان چونکەلەسە رچاوەی خودی یاخیبووی شاعیرەوەهەڵدەقوڵێت، هەمیشەلەگۆڕاندایە، نە گوێڕایەڵی ڕێساکانی گوتنی باو دەبێت و نەلە قاڵبی شێوازەدێرینەکاندا گیردە خوات، ئەگەر شاعیر سازش بکات، تەنیا لەپێناوی جو انترکردنی زمانی شیعردا دەیکات"(حەسەن، 2010: 106). لێرەدا پێویستەورد و وریا بێت، کە هەموو لادان و تێکشکاندنێکی ڕێساکانی زمان بەرهەمی جو انی لێدروست نابێت، دەبێ شاعیر خۆی لەپاشاگەردانی و لادانی نالۆژیکی و ئەنقەست بپارێزێت و بز انێت چۆن ئەو کارەدەکات، کەبەکاربردنی کەرەستەزەمانییەکان لەدۆخی سروشتییەوەبۆ دۆخێکی باڵاتر بگوازێتەوە، ئەگینا هەوڵەکانی نەزۆك و سواو دەبن. (د.عدنان حسين العوادي) پێی و ایە، "ئەرکی شاعیرەزمان لە گشتێتییەوەبگۆڕێ بۆ دەنگێکی کەسی"(العوادي، 1985: 9). هەندێك لە شارەز ایانی زمان بنچینەوبنجی زمانی شیعربۆ هەمان بنج ورەگی زمانی ئاسایی ڕۆژ انەدەگێڕنەوەو داننانێن بەبوونی زمانێکی تایبەت بەشیعر و ئەدەبیات، (محمود فتوحی) ئەم جۆرەلەزمان پەسەند ناکات ووای دەبینێ، کەپەیوەندی و نزیکایەتییەکی زۆرو هاوبەش لەنێو انیاندا بەدی دەکرێ، ئەم بۆچوونەشی دەگێڕێتەوەبۆ دوو هۆکار: "1- هەموو ڕەگەز و پێکهاتەکانی زمانی ئاسایی، لە زمانی ئەدەبیشدا بەکاردەهێنرێ. 2- زمانی ڕۆژ انەوەکوزمانی ئەدەبیات پڕ و دە وڵەمەندەلە تایبەتمەندییەو اتایی و زارەکییەکانی وەکو خواستن، درکە، ڕەگە زدۆزی... "(حسومی ، 1392: 5). هەندێکی دیکەزمانی شیعر بەجیاواز و قوڵتر لەزمانی گشتی دادەنێن، ئەمەش بەهۆی فرەڕەهەندی و فرەلایەنی لەتایبەتمە ندییەکانیدا "ئاشکراوبەدیهییە، ئەوزمانەی لەکاری ئەدەبیدا بەکاردەهێنرێت، جیاوازەلەو زمانەی لەژیانی ڕۆژ انەماندا بەکاردێت، زمانی ئەدەب فرەڕەهەند و مانای دوورو قوڵەلێوان ڕێژەلەتێڕو انین و جیهانبینی، ئا لێرەدا زمانی ئەدەب و زمانی ژیان لێکدەترازێن"(عیسی، 2009: 42-43). هەر چۆن بێت ئەمەلەو ڕاستییەناگۆڕێ، کە زمانی شیعر خاوەن خاسیەت و تایبەتمەندی خۆیەتی، جۆری بەکارهێنان و وەزیفەی وشەجیاوازترە لەزمانی میللی، چونکەهەر گۆڕانێك لەفۆرمدا، گۆڕان لەئەرکیشدا دروستدەکات، وشەوکەرەستەکان ڕە نگەبەڕواڵەت وەك یەکبن، بەڵام لەشیعردا و اتا و مەبەستی نوێی دەگەیەنن، ئەمەش پەیوەستەبەبەهرەو ئەزموون و پاشخانی مەعریفی شاعیرەوە، کە چۆن بەشێوەیەکی هونەرمەندانەزمانێکی تایبەت بەخۆی، کەوشە و فەرهە نگێکی خودی دەسازێنێ، مۆرك و تایبەتمەندی خۆی پێوەدیاربێ و بەزمانەکە ی بناسرێتەوەو ببێتەناسنامەی شیعریی و ڕێچکەیەکی هونەری باڵا بنیات بنێ، "بەڵام خاڵی گرینگ ئەمەیەکەلەزۆربواردا گەلێك لە(ز انیارییەکانی) ڕەخنەگر و خوێنەر دەربارەی ژیان و ژینگەو تایبەتمەندی فەردی و کۆمەڵایەتی نووسەر لەخودی بەرهەمەئەدەبییەکانی ئەوەوەهەڵێنجراوە، بەمجۆرەخودی نوسە ریش تا ئەندازەیەکی زۆرلەڕێگەی بەرهەمەکەیەوەدەناسرێت"(عارف، 2007: 11).

ئامراز و کەرەستەو چەکی دەستی شاعیر وشەو دەستەواژەن، پێویستە هێندەی پێیبێ و حازربەدەست وزاڵ و سواربێ بەسەرزماندا، ئەگینا سەرکە وتوو نابێت و نوشست و خۆ بەدەستەوەدان چاوەڕانێتی، پێویستە لەزمانی دووبارەو سواوو وڕەسکەردووربکەوێتەوە، (کەمال میراودەلی) لەم بارەیەوەدە ڵێت:"هەر شاعیرێك دەسەڵاتێکی تەواوی بەسەرزماندا نەڕوا و فەرهەنگێکی وشەی دەوڵەمەندی نەبێت لەدەربڕینی تاقیکردنەوەکەیدا، ئەوا پەکی دەکە وێت، چونکەئەداتی دەربڕینی شاعیروشەیە"(میراودەلی،2013: 37)، چۆن هە ر شاعیرێکی سەرکەوتوو زمانێکی تایبەت بەخۆی دەسازێنێ ئاواش هەموو دە قێکی هەمان شاعیر لەگەڵ هاتنەدنیایدا زمانی تایبەت بەخۆی دەڕسکێنێ و بەکارهێنان و ڕەنگدانەوەی زمان تیایاندا چوون یەك و هاوسەنگ نییەو هە موو دەقێك لەمەداری خۆیدا زمانێکی نوێی و جیاوازدەهێنێتەئاراوە"ئەگەرچی بەشێوەیەکی گشتی کەرەستەی سەرەکی پێکهاتەی تێکستی ئەدەبی، دەربڕینی زمانەو انییە، بەڵام چۆنیەتی و چەندایەتی ئامادەبوونی زمان لەنێو هەموو دە قێکی شیعردا چوونیەك نییە، بەدەربڕینێکیتر هەر دەقێك لەبەرجەستەکردنی ئەو بەها ئیستاتیکی و مرۆڤییانەی کەدەیەوێت دەریببڕێت، تەکنیك و تەکتیکی داڕشتنی خۆی هەیە"(ڕەشید، 2007: 11). ئەوەی ڕوونە، زمانێك نییەتایبەت بەشیعرو شاعیران، بەڵکو دەبێ شاعیران خۆیان ئەوزمانەدروست بکەن، ئە مەش بەهەوڵ و تەقەلا و خوێندنەوەی قوڵ و خۆتەیار و سازکردن بەوشەو موفرەداتی بێشومار و گونجان و داڕشتنی لەبەرگێکی جوان و هونەرییدا. پێویستەشاعیر ڕێچکەو ڕیبازێك بۆ خۆی بنیات بنێ و بەرهەمی نەمرو بەپێز بئافرێنێ و نابێت تێکستەکەی بەخامی و کاڵی دەرخواردی خوێنەر بدات و پێویستەخوێنەرلەتەم و مژو چاوەڕو انیدا بهێڵێتەوەو عەوداڵ و گەڕیدەی بکا بەشوێن کۆد و کلیلی مانادا، هەمیشەلەسۆراخ و هەڵچوون و جۆشیدا بێت تاکو دەگات بەمەقسەد و لەبۆچوون و مەبەستی شاعیر دەگات و داڕشتنێکی نایاب و چێژبەخش پێشکەش بکات "بەمجۆرەزمانی شیعر دەبێتەزمانێکی چڕو پڕ لەئیحا و ئاماژە، کەماناکان لەنێو جەنگەڵەچڕەکانی دەقدا بەڕێگە پێچاوپێچەکاندا دەهێنێ و دەباو مانا شاراوەکان لەتاریکی دەهێنێتەدەرەوە، ئە مەدەست بەسەرداگرتنێکی سیستماتیکانەیەو لێکدانێکیشەلەئاخاوتنی ئاسایی"(مستەفا، 2009: 88).

زمان کۆڵەکەو پایەی بنچینەیی شیعرە، لەپاڵ ڕەگەزەکانیتردا شیعرییەت پێکدێنن، هەروەها دەربڕی هەست و سۆزو دەروونی شاعیرەو بارگاوی و تەژییە بەو هەست و سۆزو هەڵچوونانە، کەبەمەش سیحرو ئەفسونێك بەدەق دەبە خشێ، ڕازاوەو قەشەنگی دەکات و داڕشتنێکی ئیستاتیکی و فەنتازی وا دە سازێنێ، کەخوێنەر شەیدای خۆی دەکات "شاعیر لەڕێگەی زمانەوەهەوڵدە دات جیهانێکی پڕلەجو انیی تاسەبەخش بونیات بنێت، لەناخی شتێکەوەبابە تێکی دیکەمسۆگەر بکات، هەوێنی ئەو بابەتەش شیعرە، لەهونەردا بەها و نرخی دەبێت"(مەحموود، 2009: 8). بەهۆی شیعر و شاعیرەوەیە، زمان گە شەو نشونما دەکات و ناهێڵێ چەق ببەستێ و بپوکێتەوە،هەمیشەشاعیر لە ڕێگەی زمانی شیعرەوەکاردەکات بۆ نۆژەنکردنەوەو بووژ انەوەی و خوێن بەڕە گەکانیدا دەکات، چۆن جوتیارێك شینایەکەی خزمەت دەکات و ئاوی دەدات وبژاری دەکات لەشتەزیان بەخشەکان، بۆئەوەی بەباشترین شێوەبگاتەبەرهە م ئەوەی کەچاندوویەتی، ئەویش وشەو واژەی نوێی دەخولقێنێ و دەستبە رداری کۆن و سواوەکان دەبێ، لەم بارەوە(عەبدولخالق یەعقوبی) ڕای و ایە "وشیاری مرۆڤی مۆدێرنی ئەم سەردەمەئەو کاتەدەستەبەر دەبێ، کەبەزمانی خۆی ڕابگا و کەڵکەڵەی پاراستن و نۆژەنکردنەوەی زمانەکەی هەبێت" (یە عقوبی، 2006: 208).

زمان لەهەر سەردەم و زەمەنێکدا خۆی ئەپدەیت دەکاتەوەو دەگونجێنێ، بۆیەناکرێ و ناشێ کەبەزمانێکی کۆن و ڕزیو گوزارشت لەسەردەم و و اقعێکی نوێی بکات، پێویستەبەپێی دۆخ و زەمەن خۆی بگونجێنێ و مەودایەکی مە

عریفییانەو ستاتیکیانەلەناخی خۆیدا دروست بکات و لەگەڵ ڕەوتی پێشەوەچوونی ژیاندا بەرگی تازەتر بپۆشێ ولەیەك قاوغدا نەمێنێتەوە، (دی سۆسێر) بۆچوونی و ایەکە"زمان لەمرۆڤەوەدرێژ دەبێتەوە، و اتا مرۆڤ و زمان ناکەونە ژێرهەمان پرۆسەی پر اکتیزەکردنەوە، بەمانایەکی دیکەزیندووێتیی زمان خۆی لەهەمان پر اکتیزەکردنەوەبەندەبە زیندووێتیی مرۆڤ و بیرکردنەوەی مرۆڤ و پێشکەوتنی مرۆڤایەتیەوە"(شێخ بزێنی، 2011: 35)، ئەمەش بەو مانایەنا، کە زەمەن و کات و شوێن سنوور بۆ زمان بکێشن و لەغاوی بکەن، ڕۆڵ و دەسەڵاتی کەم بکەنەوە، زمان ئەو انەقبوڵ ناکات چونکەبەرزترین و ڕەسەنترین بە کارهێنانی زمانە، بۆیەدەبێ زمان لەئاست چاوەڕو انی خوێنەرەکەی بێ، چونکەشاعیر جگەلەخۆی دواجار بۆ ئەوان دەنووسێ و پێویستەوشەو دەربڕین و ڕستەکانی مەبەست بگەیەنن و هزرو خەیاڵیان بوروژێنێ و پەیوەندی ولینکێك لەنێوان خۆی و ئەو اندا دروست بکات، بۆیەخوێنەری باش هۆیە کەبۆ سەرکەوتن و بەرەوپێشبردنی بەهرەکانی شاعیریش، کەهەموو ئەمانەبە زمان دەکرێ، (نزار قەبانی) ڕای و ایە،کە "هۆی هەموو ناتەباییەکانی ئەم جیهانەلەبنەڕەتەوەلەناتەبایی زمانەکانەوەسەرچاوەدەگرن، کاتێ پێوەندی نێوان شێعرو خوێنەردەپسێ مانای و ایەبۆشاییەك لەزماندا سەری هەڵداوە "(قەبانی: 24). بەم پێیە بێت ئەزموونی شیعر لەبنەڕەتدا ئەزموونی زمانە، لە ئەنجامی زمانێکی هەڵچوو وتێکچڕژاو و یاریکردنێکی ئاگایانەبەکەرەستەکان و لەقاڵبی وێنەی هونەری و مۆسیقا و ڕیتم و هونەرەکانی ڕەو انبێژی و هەڵوێستە مرۆییەکاندا دێتەبوون.

پاری دووەم: زمانی شیعریی لەئەدەبی کوردیدا:

زمانی شیعریی بەپێی قۆناغ و سەردەم و قوتابخانەئەدەبیەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەم گۆڕانکاریانەلەسێ قۆناغدا خۆی دەبینێتەوە:

١ قۆناغی لاساییکردنەوەی شاعیر انی کلاسیکی کوردی:

شاعیر انی کورد ساڵانێکی دوورو درێژ پەنایان بۆ وشەو واژەی زمانی بێگانە دەبرد، لەهۆنینەوەی تێکستەکانیاندا زمانێکی تێکەڵ دەبینرا، بەتایبەت پەنابردن و سوود وەرگرتن لەوشەو موفرەداتی وڵاتانی دراوسێی، ئەمەش بەهۆی کاریگەریی و زاڵبوونیی زمانەکانی (فارسی، عەرەبی، تورکی) بەسەر زمان و ڕۆشنبیریی نووسەر انی ئەوسای کوردەوە، کەهەریەکەیان بەجۆرێك و بەهۆیەك خۆیان سەپاندبوو. (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) لەم ڕووەوەدەڵێت: "زمانی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی لەسەرەتاوەتا جەنگی یەکەمی جیهانی فارسی و تورکی و عەرەبیدا لەدیمەنی گشتیدا یەکدەگرنەوە، بناغەی زمانی کوردییە، کوردییەکی ساغی بێ هەڵەلەڕووی داڕشتن و ڕێزمانەوە، بەڵام شاعیر وشەی هەموو شیعری ڕۆژهەڵات و زمانانی ڕۆژهەڵات بەموڵکی خۆی دەزانێ، لەبەر ئەوەوشە موفرەداتی ناو شیعری کوردیی ئەو سەردەمە، لەکوردی و فارسی و تورکی و ئیسلامی تێکەڵە"( ڕەسول، 1990: 43).

(نالی)دەڵێت: موی سپی کردم بەشوشتن ئاوی عەینی شۆرە شەط

شۆرە شەط یەعنی کەتێدا خود بەخود قەل بوبە بەط

(مدرس و عبدالکریم،1364: 242)

ئەو زمانەزمانێکی پتەو و باڵا بووە، کەم کەس جگەلەڕۆشنبیر و خوێندەواران لەم شیعر انەتێنەگەیشتوون "زمانەکەیان لەسیما و ڕووخساردا لە سفتی و مەحکەمی و زاراوەو وشەی هاوبەشدا تەواو لەزمانی دیکەی ڕۆژهەڵات دەچوو، شاعیر بۆی نەبوو وشەو دەربڕینی ئاسایی بەکاربێنێ" (مصطفی، 2014: 425).

٢ قۆناغی لاساییکردنەوەی شاعیر انی عوسمانی:

لەم قۆناغەدا بەهۆی جۆرێك لەکر انەوەبەڕووی دنیای دەرەوە, و اتە دنیابینی و شارەزای پەیداکردن و ئاشنابوون بەزمانی تورکی و کاریگەربوونیان پێی، شاعیر انی وەکو (شێخ نووری، ڕەشید نەجیب، گۆران) کەوتنەلاساییکردنەوەی شاعیران و ئەدەبی ئەوکاتەی تورکی بۆ تازەکردنەوەی زمانی شیعری کلاسیکی کوردی، "لەدو اییدا، یەکەم هەنگاوی نوێکردنەوە ئەو ئاشنایەتییە بوو، کەلەگەڵ شیعری عوسمانی پێشکەوتووی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم لەناوەوەبوو، نووری خۆی و هاوڕێکانی ئە و شیعرەنوێیەی عوسمانییان کردبوو بەڕێبەر کەشیعریان بەو شێوازەدەنووسی و ناویان نابوو "لاسایی شیعری عوسمانی"(خەزنەدار، 2006: 356). ئامانج و ویستیان بوو، کەپلەبە پلەلەزمانەکلاسکییەکەدووربکەونەوە، بۆیە نەتو انرا بەیەکجاری دەست لەوشەو واژەی بێگانەهەڵگیرێ، بەڵام کەمکر انەوەو بەڕێنووسی کوردی دەنووسران و جۆرەمۆرکێکی کوردانەیان پێ دەبەخشین، کەزیاتر وشەی تورکی و ئەوعەرەبیانەی کەلەشیعری عوسمانییدا بە کاردەهێنرا وکوت و مت بەو اتا فەرهەنگی و سروشتییەکەی بەکارنەدەهێنران. لەم ڕووەوە(د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) دەڵێ:"لەگەڵ ڕاپەڕینی ڕۆمانتیکی نێوان دوو جەنگدا، زمانێکی تازەهاتەناوەوە... بریتی بوون لەکۆمەڵێك وشەی عەرەبی کەلەوشەعەرەبییەکانی ناو ئەدەبیاتی کلاسیکی نەدەچوون، بەڵکو وشەی عەرەبی بوون، مانای تازەیان پێدرابوو و اتەهەموویان لەمانایەکی دوور یا نزیك لەمانا فەرهەنگییەعەرەبیەکەوەبەکاردەهاتن، بەڵام هەرگیز مانای پڕلە پڕی ئەو بەکارنەدەهاتن" (ئەحمەد، 2009: 185).

٣قۆناغی بەکارهێنانی کوردی پەتیی:

لەم قۆناغەدا شاعیر انی وەك (شێخ نووری، پیرەمێرد، گۆران)، کەوتنەهەوڵی بژارکردن و خۆ ڕزگارکردنی تەواوەتی لەوشەی بێگانەو بەپاراویکردنی زمانی شیعری کوردی، ئەمەش بەپلەی یەکەم بۆ وریابوونەوەی بیری نەتەوەیی و ناسیۆنالیستی دەگەڕێتەوە، کەلەو سەردەمەدا لەناو کورد و نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات پەرەی سەندبوو، لەم ڕووەوە(د.قەیس کاکل تۆفیق) دەڵێت: "بە بۆچوونی من زمانی کوردی تاکەهۆکارێك بووە، بۆ پاراستنی نەتەوەی کورد. وەك نەتەوەیەکی تربۆی نەشیاوەکەپشت بەبنەماکانیتر ببەستێ کەخۆی وەك نەتەوەیەك پێی جێگیربکات، لەبەرئەوەبوونی ترس، ترسی تو انەوەولەناوچوون، وەك هەستێك لەلای کورد هەبووە"(تۆفیق، 2007: 12)، بۆیەتاکەچەك و ئامراز و هۆکاری بەزیندوویی هێشتنەوەی گەلێکی بێ وڵات و کیان، زیندوو ڕاگرتن و پاراستنی زمانەکەیەتی. شاعیران و نووسەران لەپێش هەموان درکیان بەم مەترسیە و ئەگەری قوتدانی تەواوەتی زمانەکەیان، کە لەلایەن زمانانی بێگانەوەلەئارادا بوو، هەروەها گەیشتنەئەو بڕو ایەی کەهاتنەئارای ئەو و اقیع و دۆخەتازەی ئەو سەردەمەپێویستی بەکەرەستەو زمانێکی نوێتر و گونجاوتر دەکردبۆ گوزارشتکردن، بەمەش تێڕو انین و دنیابینیان بۆ ئەرك و مەهامی شیعریش گۆڕا، دەیانویست پەیامیان بەزمانێکی سادەوڕەوان و نزیك لەخەڵك بگەیەنن "گۆڕانی زمانی شیعری نوێی کوردی، لەو شێوازەگران و ئاڵۆزەی لەشیعری کلاسیکیدا بەکاردەهات بۆ شێوازێکی سادەی نزیك لە

ئاستی تێگەیشتنی خەڵك پەیوەندییەکی پتەوی هەبوو بەگۆڕانی تێڕوانینی شاعیر بۆ ئەرکی شیعر و بەستنەوەی بەگەیاندنی پەیامی شیعرەکەی بەگەورە ترین ژمارەلەکۆمەڵانی خەڵك"(سابیر، 2006: 631). لەسەردەمی حوکمی ئینگلیزدا و بۆ بەرەوپێشبردنی زمانی شیعری بەرەو پاراویی، لەرۆژنامەی (پێشکەوتن)دا، لەساڵی (1920)، (مێجەرسۆن) حاکمی ئەوسای سلێمانی، پێشبڕکێیەکی بۆ ئەم مەبەستەسازکرد "هەر بەهاندانی (سۆن) هەندێ لە نووسەرەکانی ئەوڕۆژەی سلێمانی کەوتبوونەسەربیرو مەیلی نووسینی کوردیی پەتی، تەنانەت(سۆن) بۆ ئەمەپاداشتێکیشی دانابوو و ئەوانەی کەنزیکەی لاپەڕەیێکیان لەهەر باسێك بەکوردی پەتی ئەنووسییەوەلە(20)تا(30) ڕوپیە پاداشتی پێ دەبەخشین"(سۆن، 2007: 19-20). لەدەقەشیعرییەکاندا، شیعری (جووت وگا)ی (شێخ نووری) پلەی یەکەمی بەدەستهێنا، ئەمە بوو بە هاندەر بۆ نووسەران و شاعیر انی دیکەش بەگڕوتین و پەرۆشەوە، هەنگاویان هەڵهێنا و کەوتنەخولیای ئەم جۆرەنووسینە.(پیرەمێرد)یش بەو پەڕی دڵسۆزی و خەمخۆریەوەبۆی دەکۆشا و بەیەکێك لەشاسوار انی ئەم ڕێگایەدە ژمێردرێ " شیعری (بەیانی بوو لەخەو هەڵسام)هکەی، هەر بەهەوای ئەو موسابەقەیەوەدوای چەند ساڵێك نووسی" (قادر، 2020: 45). (گۆران)یش لەم ڕووەوەدەڵێت:"پیرەمێرد قوتابخانەیەکی تایبەتی نەبووە, بەڵام شیعرەکانی زۆر تەئسیری لەلاوان ئەکرد و جۆشی پێ ئەسەندن، ئەگەر بەراوردێك بکەین لەبەینی شیعرەکانی ئەو و هی قوتابخانەکەی ئێمەئەبینین، شیعری ئەو (قە ومی)تربوو، سنعاتی کوردی و هەستی کوردی زیاتر پیشان ئەدا" (باڵەکی، 2005: 156). (گۆران) خۆیشی یەکێکە بوو لەڕابەر انیتری ئەم هەوڵەو بەردە وام بوو لەپاککردنەوەی زمانی شیعریی، بەشێوەیەکی کاریگەر و سەرەکی دە وری هەبوو لەچەسپاندن و بەمەنزڵگەیاندنی ئەم شێوازەنوێیە. (د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ) لەبارەی زمانی شیعرێکەیەوە دەڵێ:"زمانی گۆران پوخت و ساغ و پتەو و جوان و ڕەوان و زۆر لەخۆکردنی تیا نییەوڕەسەنی خۆی لەزمانی خەڵك و سامانی بەپیتی نەتەوەوەردەگرێ"(ڕەسووڵ، 1990: 149). نەچوون وشەو واژەی نوێی بتاشن، بەڵکو تەنها ئاوڕدانەوەو زیندووکردنەوەی هەگبەی دەوڵەمەندی سامانی فۆلکلۆری کوردی و زمانی سەرزاری خەڵکی بوون، کە چیتر پێویستیان بەهی بێگانەنەبێ و لەداڕشتن و تانوپۆی تێکستەکانیاندا ڕانە مێنن.

بەشی دووەم: زمانی شیعری زیندان

پاری یەکەم : خەسڵەتەکانی زمانی شیعریی زیندان:

ئەگەر سەیری زمانی شیعری تێکستەکانی نێو زیندان بکەین چەندین دەق بەتایبەت پێش بەپەتیکردنی زمانی کوردی نووسراون، زمانیان تێکەڵەبەوشە و واژەی بێگانە. ئەم شیعرەی (ئەحمەد موختار جاف)، کەلەساڵی(1920) لە زینداندا دایناوە وردبینەوە، دەبینین بەزمانێکی تێکەڵ بەوشەی بێگانە نووسراوە:

گەرلەمەحبووسی خەلاس بم، دوشمنانم پەت ئەکەم
سووری سەرئەبڵەق لەفەرجی دایکیانا ڕەق ئەکەم
بۆئەمەی تەرکی خراپی و موفسیدی و بەدزاتی کەن
ڕەنگ و ڕوویان گشت بەڕەنگی خاسەڕەنگ خەت خەت ئەکە
م...
خەلقەئەمرۆ چونکەحەپسم ڕێگەیی دەستم نی یە
ناتوانم هیچ بکەم مەجبوورم هەرغەیبەت ئەکەم (ڕە سووڵ، 2016: 102)

شاعیر لەم دەقەیدا چەند وشەیەکی بێگانەی بەکارهێناوەلەوانە (مە حبووس، خەلاس، فەرج، موفسید، حەپس، مەجبوور، غەیبەت)، ڕاستە وشەکان کوردی نین، بەڵام زۆربەیان ئاشنان لای خەڵك و ڕوونن.

پاش نوێکردنەوەی فۆرمی شیعر(زمان) دەبینین لەشیعری زیندانیشدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەم دەقەی (گۆران)، لەژێر ناوی (لەبەندیخانە)(1952)دا نووسیویەتی، بەزمانێکی پەتی و پاراو و ڕەسەنی کوردی چنراوە:

تاوانم کرد..گەل پێوە نام مۆری ناپاکی
بۆزیندانەکۆچی ژینم، دنیای ڕووناکی
وتم:گەل..نەء! گەلفرۆشی دەزگا و دووکان گێڕ
عاری تێرپۆش،خەوشی برسی مووبەمووژمێر
دزی تێروبێ پێویستی ناردەسەربرسی
وتیان دزەوپرسیارێکی زۆریان لێ پرسی... (مەلاکە ریم،1980: 214)

زمانی ئەم شیعرەبە وشەی پەتی نووسراوە، (تاوان، مۆری ناپاکی، گەل فرۆش، دوکان گێڕ، مووبەموو، مل کەچ، سەرشۆڕ، هەڵڕشتن ... هتد) وشە گەلێکی سادەو ساکار و ساف و ڕەوانن، بەڵام شاعیر بەجوانی ووردی بە کاریهێناوە و بەرهەمێکی نایابی لێ داڕشتوون، شاعیر خاوەن فەرهەنگی زمانی خۆیەتی و زمانێکی نزیك لەخەڵکی بەکاربردووە. (ڕەفیق حیلمی) لەبارەی زمانی شیعری گۆرانەوەدەڵێت: "تا پێش دەوری گۆران وا زان ئەکرا، کەلەوشەی پە تی وساکاری کوردی شیعری بەرز ناوترێ، بەڵام بەهۆی ئوسلووبێکی دای هێنا لە (فەن)ی شیعرا، گۆران، ئەم باوەڕەی گۆڕی"(حیلمی، 2010: 209). ئەم دەقانەی ناو زیندان خاوەن زمانێکی تایبەت و جیاواز بەخۆیانن، وشەو واژەو دانەزمانییەکانی جودان وزادەی سروشتی ئەم شیعر انەن، زمان چڕوتەماوی نەهۆنراوەتەوەو شیعرەکان ڕیالیستین و دەربڕی و اقع و کۆژانەکانی شاعیرن، سادەو ساکارو بێگرێ و گۆڵن. زیاترگرنگی بەپەیام و مەبەست دراوەتا ڕوخسار و شێوە، هەندێك پێیان وایەخەسڵەتی دەقێکی هونەری سەرکەوتوو ئەوەیە کەگونجان و هاوئاهەنگیەك هەبێ لەنێوان پێکهاتەکانی و تەرازووی نێوان شێوەو ناوەڕۆك هاوسەنگ بن، وەك (هۆراس) دەڵێت: "مەبەستی شاعیران یا سوود بەخشینەیاخود لەزەت پێ گەیاندن"(هۆراس، 1979: 30)، بەڵام لە شیعری بەرەنگاریدا بەگشتی ئەم هاوسەنگییەنابینرێ و بەلای پەیام و ناوە ڕۆکدا لاسەنگ دەبێ، ئەمەش بەهۆی سروشت و ستر اکچەری شیعرەکەوەوا دەخوازێت بەو جۆرەبێت، چونکەمەبەستی وشیارکردنەوەو خستنەڕووی دۆخ و و اقعی خەڵك و شاعیر خۆیەتی، کەتێدا ژیاوەو ڕەنگدانەوە و کاریگەری ئەو ڕووداو و دۆخەسیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەدەنوێنێ "شیعری بەرگری سوك و ئاسانە، مانای ئاشکر ایە، لەگەڵ خەڵکی نەخوێندەوار و ساکاری کورد قسەدەکات لەدڵێکی پڕسۆزەوەدێتەدەرێ، فەرهەنگی نەرم ونیانە، کێش و قافیەی سوکە، ڕەمز و پێچ و پەنا و شاراوەیی کەمەبەڵام کاریگەرە، چونکە وێنەی ڕوون دەدات بەدەستەوە"(شەریف، 2021: 354).

ئەم جۆرەلەشیعر میحوەری سەرەکی ناوەڕۆکەبۆیە ناخوازێ و بۆی نابێ بە بەرگێکی ڕەمزاوی و تەماوی بپۆشرێت، چونکە هەڵگری پەیامێکی مرۆڤانەن، قاڵب و شێوەی هونەری هێندەگرنگ و جێی بایەخ نین چونکەو اقع و سروشتی

شیعرەکان پێویستەبەو جۆرەبخرێنەڕوو ئەمەش هیچ کەم و کاستییەك نابە خشن و هەندێك پێیان و ایەئەم شیعر انەکۆمەڵێ وشەی ڕێزکراون و کێش و سەرو ایان بەبەردا کراوە، ئەمەبۆچوونێکی لاوازەچونکەئامانجی سەرەتا و کۆتایی ئەم دەقانەگەیاندنی پەیامەکەیەتی بەزۆرترین خوێنەروگوێگر"شیعر ئەو جیهانەیەلەهەموو لاوەخەمی مرۆڤ و خۆشیەکانی - کارەساتە درامیەکانی سروشت و هێمنی و ئاسایشی ئەوبن، بەڕووبار و ئەرژێنەدەریاری شعیرەوە "(ئاشنا، 2007: 122). بۆ نموونەئەگەر لەم شیعرەی ( مارف بەرزنجی شەهید) وردبینەوەتێبینی ئەوەدەکەین کەچەند بەزمانێکی سادەو ساکار نووسراوە، وشەو واژەی ئاسایی ڕۆژ انەی خەڵکی بەکارهێناوە:

بەهیوای بەهارشادم بەزستان
بەهاریش پەستم لەترسی خەزان
بەهاریَ خۆشەخەز انی نەبێ
ڕێگاکەی سەختەو دوورو بیابان
هەرزستانەکەی بەشی من نەبێ
شادم بەباوو بەبەفرو تۆفان
وەکوو جوتیارێك بەگیان و بەدڵ
بۆ خەڵك ئەکێڵێ و ئەچێنێ تۆوان
منیش ئەکۆشم سەخت و بێ وچان
بۆ ئەو بەهارەی جوان و بۆهەموان
بەری ئەم ڕەنجەو بەشی بەهارم
پێشکەش بەکوردو گشت نەتەوەکان ( بەرزنجی و بە رزنجی،1993: 121-122)

زمان و دەربڕینێکی سادەو ساکارە، وشەکانی (هیوا، بەهار، زستان، ترسی خەزان، سەخت، دوور، بیابان، تۆفان، ...) هەموویان وشەی ئاشنا و ئاسایین کەلەداڕشتنی دەقەکەیدا بەکاری هێناوە "ڕەو انیی لەدەقدا بەشێکە لەکردەی نووسین و بەئاکام گەیشتنی ... تەم و مژو ئاڵۆزکردنی دەق لەبەرژەوە ندیی دەقدا نییەو ئەو دەقانەی کەئەم گرفتەیان هەیەهەمیشەلەئەدەبدا لە پەراوێزدان و بایەخی خوێندنەوەیان نییە"(ڕەزا، 2007: 29)، بۆیەلەم جۆرە شیعر انەدا پەیام و مەقسەد گرنگی پێدەدرێ زیاتر لە ڕاز اندنەوەو ئیستاتیکا. هەندێك پێیان و ایەکەفۆرم کراوەتەقوربانی ناوەڕۆك و نەمرنین و بۆ سات و کاتێکی مێژوویی نووسراون "ڕاستەشیعری سیاسی و بەرگری هەن، بەڵام ئەم جۆرەشیعر انەتا سەر شیعری نەمر نین، شیعرێکن لەساتێکدا دەنووسرێن، بۆ خەڵکانێك دەنووسرێن، بەڵام ئەگەر باسی دەقێکی شیعری جیهانی بکەین، کەبۆ نەوەکانی داهاتوو بنووسرێنەوەو ئەو شیعرەدەبێ خەسڵەتێکی جیهانی بە خۆوەبگرێ، لێرەدا دەڵێم مەرج نییەوەڵامدەرەوەی لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی و ئایدۆلۆژی بێت، بەڵام لەپۆلێنبەندیدا ئێمەشیعری سیاسی، جەماوەری، وبەرگری و... مان هەیە، ناکرێ لەسات وکاتی خۆیدا ئە م جۆرەشیعر انەش فەرامۆش بکرێن"(سامان، 2012: 69). لەلایەکیترەوەئە و بۆچونەش زاڵەکەپێی و ایە،سەنعەتکاری و گرنگی دانی زۆر بەفۆرم زیادەن و زیان بەدەقەکەدەگەیەنێ و ناچێتەناو ئەو چوارچێوەو ئامانجەی کەبۆی دیاریکراوە، لەم بارەوە(ئومێد ئاشنا)دەڵێت:"بەپێچەو انەی کۆمەڵێ شاعیری ترەوەکەهێندەورد لەبیری شیعر ناڕو انن، ئەیانەوێ هەڵویست و فەلسەفەی شۆڕشگێڕی بکەن بەژێر هەندێك لایەنی تەکنیکی و داڕشتن و ڕێبازی نووسینە وەهەتا ئەگەنە ئەوەی ئەو بیرەشۆڕشگێڕییە، بخەنەتەمێکەوە، ناسینەوەی هەروا ئاسان ولەبارنەبێت"(ئاشنا، 2007: 224). هەست و خەیاڵ و فەنتازیا لەزۆربەی ئەم جۆرەدەقانەدا نائامادەو خاڵین لەوێنەی هونەریی باڵا و خە یاڵبازی، کەبڕبڕەی سەرەکی و ستر اکچەری فۆرمی شیعرەو هەندێك لەڕەخنە گران پێیان و ایەکەپێویستەبەپوختی و ڕەو انی پەیامەکەیان بگەیەنن و وێنەو خەیاڵە ڕۆمانسییەکان نابێت بکرێنەکەرەستەی بنیادنانی شیعری (سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ...)، هەروەها هەندێکی تر ئاست نزمی ئەم جۆرە شیعریانەبۆ کەمی و سنورداری کەرەستەو ئامرازەکانی بۆ دەربڕینیان دەگێڕنە وە "هەرچەندەکەشیعری سیاسی هەندێك پێیان و ایەلەڕووی هونەرییەوەبە پێی کەرەستەی کەم، لەئاستێکی نزمدایە" (غەمبار، 2008: 165). کەچی ناتو انین بەهەموو تێکستەکانی نێو زیندان بڵێین سادەو ساکارن و داڕشتنی هونەریان لاوازە، چونکەهەموویان بەو تەرزەنەنووسراون، بەڵکو چەندین دە قی نایاب و باڵا بەدی دەکرێن، کەتەژین لە وێنەی دەروونیی وڕاستگۆیانەو تابلۆ و وێنەکێشانێکی وردی نێو زیندان و کەرەستەکانی ناو زیندان، کەبەجو انترین شێوازکێشراون "لەبەرئەوەی شیعری زیندان پەیوەندییەکی پتەوی بەو اقیعی کۆمەڵگا هەیەو لەناو جەرگەی ئەم و اقیعەهەڵقوڵاوە، ئەمانەو ایانکردووە داهێنان لەنێو ئەم جۆرەشیعرەببێتەمایەی پرس وتێڕامان، بەها جو انناسییە کان تا ڕادەیەك سیمایەکیتروەربگرن، هەرچەندەگەلێ جارئەم جۆرەشیعرەلە قسەی ئاسایی و دروشم نزیك دەبێتەوەو زمانەکەدەبێتەزمانی ڕاپۆرت و دو اندەری ڕامیاری نەك زمانی شیعری، بەڵام لەوێنەی هونەری و ئاڕاستەی جو انناسیش بەدەرنین" (سابیرو عەبدولقادر،2011: 193). بۆیەچەند بەتە نگ ئەوەوەبوونە, کەپەیامەکەیان بەجو انی و ڕوونی بگات، بەو چەشنەش بە تەنگ ئەوبەرگ و فۆرمەهونەرییەوەبوونە، کەدەکرێتەباڵای بیرۆکەکانیاندا. بۆ نموونە ئەگەر برو انینەدەقی (دو اتیری کەوان)ی (بر ایم ئەحمەد)، کەهیوا و بڕوای تەواوی بەخەبات و تێکۆشانی گەلەکەیەتی، دوژمن و داگیرکەرچەند بە هێزو پڕچەك و زاڵم بن، ئاکامیان هەر نوشست و لەناوچوونە، کەورەبەرزی و ئومێدێکی تەواوی هەیەکە ئاسۆی سەرکەوتن و هەڵاتنی خۆری ئازادی و ڕزگاری نزیکە:

دوا تیری کەو انی خۆت بهاوێژەهەلەدوژمن
دوا سەرکەوتنی تۆیەو دوا نووچی گەلەدوژمن
شەوی ترساندنت باوی نەماوەتاریکو ڕوونە
بە ئاسۆی ئەرخەو انیدا هەتاو لەودیو کەلەدوژمن

چ گەوجی هەژبەسەر، کەی خۆر بەهێڵەك پێشی گیراوە؟
وەیاخود چەرخی مێژوو، کەی بەبەردی ئێوەوەستاوە
هەموو پێشکەوتنێکی تۆ بەرەو چاڵی نەمان ئەتبا
هەموو سەرکەوتنێکیشت بەوێنەی بڵقی سەرئاوە
(بەرزنجی،2007: 43)

سەیری وشەکانی (دو انووچ، ئاسۆی ئەرخەو انی، گەوج، هەژبەسەر، هێڵە ك، چەرخی مێژوو، چاڵی نەمان، بڵقی سەرئاو،... )، کەوشەی کوردی پەتی و پاراون، لەگەڵ هونەرەکانی ڕەو انبێژی و وێنەو ڕەمز، زمانێکی سەرکەوتوو و تۆکمەیان پێك هێناوە، هاوکات لەگەڵ پەیام و بیرەکەیدا دەقێکی ناوازەو داڕشتنێکی پتەو و هونەرییانەی لێ ساز اندووە، بەحوکمی ئەوەی (بر ایم ئە

حمەد) خۆی ئەزموون و باگراوەندێکی مەعریفی دەوڵەمەندی هەبووە، کەلە یەک کاتدا هەم (شاعیر، ڕۆماننووس، ڕۆژنامەوان ...) بووە، هەموو ئەمانە هۆکارگەلێکن بۆ ئەفر اندنی دەقێکی بەهێزو بەپێز"هەندێك کەس پێیان و ایە کەشیعر ئەبێ کۆپی و اقیع بێ و دوورنەکەوێتەوەلەڕێچکەکانی ژیانی ئاسایی، لەوکەند وکۆسپانەی دێتەسەررێی ژیانی کۆمەڵایەتی وسیاسی وئابووریی خەڵك. بەڵام ئەمەوەزیفەی شیعر نییەو بانگهێشت کردنیەتی بۆ تێکەڵ بوون لەگەڵ شێوەناهونەرییەکانی تری ژیان، بۆ لەدەستدانی بەها ئیستاتیکی و مرۆڤییەکانی"(ڕەزا،2007: 20). ئەم جۆرەشیعرەجوان و هونەریانەی ناو زیندان، ئەو جۆرەبۆچوون و وتنانەپووچەڵ دەکەنەوە، کەگو ایەشیعر خۆی بخزێنێتەنێوژیانی خەڵك وکێشەوئاریشە(سیاسیی وئابووریی و...)هوە، ئەوا بەها وڕەونەقی لەدەست دەدات.

تایبەتمەندییەکی دیکەی زمانی شیعری زیندان ئەوەیە، کەزمانێکی حەماسی و پڕجۆش و خرۆش و گڕاویی و توند و تاڕادەیەك زبر و دروشم ئاسا نووسراون، کەگوزارشتن لەبەرەنگاری و بەگژاچوونەوەی دوژمن و زیاتر جۆشدانی کۆڕی خەبات و خۆڕاگری ووردەبەرزی و نەسرەوتن، کەدەربڕوزادەی دەروون و دۆخێکی پڕلەڕق ئەستوورین بەر انبەرزوڵم وزۆری داگیرکەران و خستنەڕووی نەهامەتی وکۆژ انی میللەتێکی بن دەستن. بۆ نموونەلەم شیعرەی (عوسمان عوزێری ) بەناونیشانی (کپ ناکرێم)دا هاتووە:

هـەناوی من ئاخ ودڵم هەمـووگیـانم
گشت ئاگرە باش بمناسە من بورکـانم
ئەمرۆ بەزۆری زۆرداری سەرتگرتوم
زۆر بەختیـاری کەوا ئێستا کپت کردوم
بەڵام گەوجی زۆر لاژکی ئەی هیچ نەزان
بیرکەرەوە من بورکانم...بورکان بورکان
هەمـووقـینم تێکرا تینم ڕقی تـوڵە
ئەپێچمەوە ئەیانکەمە، یەک گرمـۆڵە...
هـەتاکـوپەنـد بێ هـەتا باس بکرێ
کەس نەتوانێ ئیتر دەمی بورکـان بگرێ (چەرمەگا،2009: 216-217)

سەرلەبەری دەقەکەورەبەرزی و هەستێکی پۆڵاین ونەپساوە ولەدەروونێکی ماندوو و قاڵبووی کوردایەتی و کۆڵنەدان بەرانبەر دوژمنەوەسەرچاوەی گرتووە، کە ڕۆژێ تۆڵەو سەراوژێرکردنی داگیرکەران نزیکە، ئەمرۆ ڕۆژگاری لەگەڵە و بەختیارە بەکپکردن و خامۆشکردنی خەباتی میللەت، بەڵام تا سەر نییە و هاکا ڕۆژێك وەک بورکان قین وتوڕەیی گەل بست بستی دنیایان لێ دەکاتە ئاگروکڵپەو سزای کرداروڕەفتارە قەڵب ونابەجێکانی وەردەگرێتەوە. دەقەکە بەزمانێکی پڕ لەحەماسەت و توند و زبر و گەرم و گوڕ چنراوە، وشەکانی(بورکانم، قینم، تۆڵە، ئەپێچمەوە، گرمۆڵە، ئەتقمەوە، بتۆقێێ، ئەتسوتێنم، ئەتبرژێنم، ئەتمرێنم) ئەم وشانە گڕو بڵێسەو موکڕی و بڕوابەخۆبوون و ورەی پۆڵاینیان تیا بەدی دەکرێ، کەپەیامی یاخێتی و دروشمی نەبەزین تا سەرکەوتن دەگەیەنن، (نزارقەبانی)لەپێناسەی شیعردا دەڵێت:"شیعر تینی ئازادی و سەربەستیە، شیعر بار انی خەمەکەلەژێر پێستی گەلادا کۆدەبێتەوەو ساڵ و سەردەمان دەخایەنێ هەتا گوڵ و مانگ و یاقوت و پێشمەرگەی سەرلێ هەڵدەدا"(قەبانی: 8).

پاری دووەم : لادانی زمانی لەشیعری زینداندا :

بابەت و دیاردەی لادان هەموو سێکتەرەکانی ژیانی بەدرێژ ایی دیرۆك گردۆتەوە، بەهۆی گۆڕانی ژیان و بارودۆخەوە، لادان و جوڵەو گۆڕانکاری هەر هەبووە، بەڵام لێرەدا مەبەست لە لادانی زمانییە، کەهونەرێکی شیعرییەو دەق بەرەو داهێنان و شیعرییەت دەبات، ئەم دیاردەیەهەر لەکۆنەوەلەنێو شیعری شاعیر اندا بەدی دەکرێ، هەرلەکلاسیکەوەتاکو هاوچەرخ، هەنوکەش زیاترو زۆرتر بایەخی پێ دەدرێ. (جان کۆهین) ڕای و ایە "هیچ شیعرێك نییە ، خاڵی بێ لە لادان"(ئەحمەد، 2013: 9)، ئەمەش لەئەنجامی شکاندن و بەز اندنی دەستووروڕێسا زمانییەچەسپاوەکانەوەدێتەئاراوە "دەرچوون ولادانە لەپێوەرو یاسا و دەستوورەڕێزمانی و باوەکانی زمان و هێنانی مانای دەلالی نوێ بۆ وشەکان و تێکشکاندنی ڕێسای زمانییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کەڕێزمان تێکدەشکێنێ، دووبارەبەهۆی یاسای نوێوەدروستی دەکاتەوە" (سەعید،2010: 37). شاعیر بەم کارەی خۆی لەزمانی گشتی وئاسایی خەڵکی دوور دەخاتەوەو هونەرو زمانێکی باڵا و بەچێژ دەسازێنێ، کەمێشك و بیری خوێنەر تیژدەکات و دەجوڵێنێ، ئەمەش لەپێناوی ئیستاتیکا وڕێکخستنی ئاوازو ڕیتمی ناوەوەو دەرەوەو سەرەوای دەقدا ئەنجامیدەدا. لەوگەمەکردن و لادانەدا، کە لەگەڵ دەنگ و وشەو ڕستەو و اتادا دەیکات، سەرئەنجام وشەوزاراوەکانیش ڕامان و دەلالەتێکی نوێتر لەهی پێشتر وەردەگرن.

لادان دوو دیوو باری جیاوازی هەیە, پۆزەتیف و نێگەتیف, جا ئەوەی یەکەم پێویستەلۆجیکی و هۆشمەندانەو ئامانجدارو بەمەبەستی داهێنان و تازەگەری دەکرێ، کەچی ئەوەی دووەم لەبێ ئاگایی و نەز انی و کەم ئەزموونی و پەلەکردنەوەسەرچاوەدەگرێ، "یەکێکیان بەدەست شاعیرەکەخۆیەتی و لەژێر دەسەڵاتیدایەو بۆ مەبەستێك هێناویەتی (داهێنان)، ئەویتریان لەڕووی نەزانین وگوێ نەدان و هەڵەشەی وەپەیدا دەبێ, داهێنان دیاردەیەکی ئیجابی پڕمەبەستەبەڵام هەڵەدیاردەیەکی سەلبییە کەلەسەرشاعیر دەکەوێ و جیاکردنەوەیان پەیوەندی بەجۆری بەکارهێنان و کەڵك لێوەرگرتنەوەهەیە"(تۆفیق، 2008: 111-112).

(د.ئیدریس عەبدوڵڵا) دوو مەرج بۆ لادان دادەنێ، کەئەو انیش بریتین: "1-لادانەکەبەشێوەیەك بێت لەچوارچێوەی ڕێگەپێدراوی ڕێزماندا ئەنجام بدرێت. 2-دەبێ لادانەکەسوودێك بگەیەنێت، چونکەلادان لەخودی خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو ئامانج لەلادان دروستکردنی کاریگەرییەلەسەر خوێنەر، بۆ ئەوەیەخوێنەر بەو شێوەیەئاراستەبێ، کەو اقیع و خەونی نووسەرەکەدەیخوازێت"(عەبدوڵلا،2010-2011: 63-64). ئەمەش چەند جۆرێکی هەیەلە و انە:

1-لادان لەئاستی دەنگسازیدا: جۆرێکەلەجۆرەکانی لادانی زمانی کەشاعیر لە ڕێگای شکاندنی یاسا و دەستوورەدەنگییەکانەوەخۆی لەزمانی ئاسایی دووردەخاتەوە، کەبەلابردن و کرتان و گۆڕینی دەنگێك یان زیاتر لەوشەیەکدا خۆی دەبینێتەوە، جا کرتاندنەکەلەسەرەتا، یا ناوەڕاست، یاخود لەکۆتایی وشەکە دەبێت، کەهیچ لەو اتای سروشتی وشەکەنەگۆڕێ, و اتە "فۆنێمێك یاخود چەند فۆنێمێك لەوشەکە، کەم دەکرێتەوە، ئەمەش لەبەر ڕاگرتنی کێشی شیعرەکەبێت یاخود بۆ مەبەستی کورتی و درێژی و پاراستن مۆسیقای شیعرەکەبێت "(عەبدوڵلا، 2008: 116). (فایەق بێ کەس) دەڵێت:

شەرتەشەرتی پیاوەتی بێ، گەر خودا دەستم بدا

دوژمنت پەت کەم وەکو سەگ بیخەمەژێر پێتەوە (ئاشنا، 2005: 15)

لەچەند جێگەیەکدا لادانی دەنگی ئەنجامدراوە، کەبەم جۆرەن: نیوە دێڕی یەکەم (گەر) خۆی (ئەگەر)ە،کرتاندنی دەنگی (ت) لەوشەی (دەستم بدا) کە لەبنچینەدا (دەستم بدات)ە. لەنیوەی دووەمیشدا دەنگی (ب) لەوشەی (پەت کەم) لابراوە، کەلەبنچینەدا بەم جۆرەیە(پەت بکەم).

شاعیر(عەلی فەتاح دزەیی) لەنموونەیەکیتری شیعری زینداندا دەڵێت:

تێکۆشام، گیرام، دەس بەسرام
کۆت وزنجیرلەپێ کرام (دزەیی، 1987: 130)

لەنیوە دێڕی یەکەمدا شاعیر فۆنێمی (ت) لەهەردوو وشەی (دەس) و (بەسرام) لابردووە، کەدەبوو بەم جۆرەبێ (دەست بەسترام).

(دلزار)یش دەڵێت: تەکانی تێکوپێکدانی کەلەپچەوکۆت وزیندانە
بڵێسەی ئاگری شۆڕش لەهەرلا سەر ئەبزوێنێ (دلزار، 2006: 19)

لەنیوەی دووەمدا شاعیر سێ دەنگی کرتاندووە لەوشەی (لەهەرلا)، کەلە بنچینەدا (لەهەرلایەك)ە.

2-لادان لەئاستی وشەسازیدا: شاعیرلەویاسا و دەستورانەی زمان لادەدات کەبۆ دروستکردنی وشەی نوێی هەن "زمان هەوڵدەدات بۆ دروستی و ڕێکی پەیامەکە، ئەویش ڕێکخستنی وشەکان و دانانیان بەپێی یاسا ڕێزمانییەکان، شیعریش کاردەکات بۆ شێو اندنی، بەپاش و پێش کردنیان"(سەعید،2010: 98). ئەمەش بۆئامانج و مەبەستێك دەکرێ (د.محەمەد مەعروف فەتاح) لە م ڕووەوەدەڵێت: "هەندێ جار شاعیر بۆ ئەوەی لەدرێژبڕی دەرچێت یان بۆ پاراستنی وزەو لکاندنێکی تووندو تۆڵ یان لەبەرنەبوونی هەندێ کەرەسەی ئامادەلەزمانەکەدا، خۆی وشەدادەتاشێ"(فەتاح، 2010، 410)، ئەمەش بە جۆرێك دەبێت، بۆ خوێنەربێ پێشینەیەو دەبێتە جێگای تێڕامانی.

لادان لەئاستی وشەسازیدا چەند جۆرێکی هەیە بەکورتی نموونەکانی لە شیعری زینداندا دەستنیشان دەکەین:

أداهێنانی وشە:

(گۆران) دەڵێت: ئەی قژەزەرد، ئەی گەردن بەنازلارگرتوو
دیوێکم لەپاسا تۆی، دیوێك باخە (مەلاکەریم، 1980: 207)

شاعیروشەیەکی لێکدراوی داهێناوە، کە(گەردن بەناز)ە، لەسەر بنەمای ئەویاسایەی کەوشەکانی (گەردن زەرد، گەردن گاز... )ی پێ دروستکراوە.

ب بەکارهێنانی وشەی بێگانە:

(حەسیب قەرەداخی) دەڵێت: سەد پێك هەڵ ئەدەن لەوچاوکاڵە
شەویش بێ ئیترهەر(کەرنەڤاڵە)
(قەرەداخی، 2002: 88)

شاعیروشەی (کەرنەڤاڵ)ی هێناوە، کەوشەیەکی بێگانەیە، لادانی وشەیی ئەنجام داوە، کەبەو اتای خۆشی دەربڕین و سەما وگۆرانی وتنی میللییە.

(دلزار) دەڵێت: بەڵێن بێ تا دلۆپی خوێنی گەش مابێ لەدڵمانا
نەکەین دەرچین لەژێر بەیداغەکەی چینی پرۆلیتار
(دلزار، 2006: 41)

شاعیر لەنیوەی دووەمدا وشەی (پرۆلیتار)ی بەکارهێناوە، کەبەو اتای چینی کرێکاران دێت.

تلادانی شێوەزاری:

(عوسمان عوزێری) دەڵێت: هەرچی تو انا بێ، هێزبێ بەجارێ
سەد قات لەپلەی خۆی هاتەخوارێ (چەرمەگا،2009: 253)

شاعیروشەی (خوارێ) لەکۆتایی نیوەی دووەمدا هێناوە، کەنزیکەلەشێوە ئاخاوتنی هەولێرو دەوروبەری، جگەلادانی وشەیی، هاوکات سەروای کۆتایشی پێ ڕێکخستووە.

(حەسیب قەرەداخی) دەڵێت: نوقمی تاریکەن بێ شنەوئاواز
بێ چپەو سروەو زەردەخەنەو ڕاز (قەرەداخی ، 2002: 86)

شاعیر لادانی شێوەزاری ئەنجامداوە، لەنیوەی یەکەمدا وشەی (تاریکەن)ی هێناوە، لەشێوەزاری هەورامییەوەوەری گرتووە.

پتێکدانی ڕۆنانیی وشەیی (پاش وپێش کردن):

(گۆران) دەڵێت: کارتەواوبوو، قۆچی دزی بووبەسندووق بڕ
مێشك ماندوو، دڵ برێندار، گوێ لەتو انج پڕ (مەلاکەریم، 1980: 214)

وشەی لێکدراوی (تو انج پڕ) لەنیوەی دووەمدا، جێگایان پاش وپێش کراوە ، کەلەبنچینەدا بەم جۆرەیە(گوێی پڕلەتو انج)، کەئەرکی تەواوکەری بەیاریدەیە، شاعیر لادانی ئەنجامداوە، کەلەپێناوی گونجاوی سەروای کۆتاییدا کردوویەتی.

(دلزار) دەڵێت: بازرگانانی مەرگ وشەڕ
لەهەڵپەدان بۆزیووزەڕ ( دلزار، 2006: 9)

لەنیوەی دووەمدا شوێنی وشەکانی (زیو وزەڕ) پێش وپاش کراون، کەڕۆنانی لەبنچینەدا بەم جۆرەیە:(زێڕ وزیو).

3-لادان لەئاستی ڕستەسازیدا: بێگومان ڕستەگەورەترین دانەی زمانییە، کە ڕیزبوون ویاسای چەسپاوی خۆی هەیە(بکەر، تەواوکەر، کار)ن، لەگەڵیشدا و اتایەك دەگەیەنێ، بەڵام شاعیرلادان لەویاسایانەدەکات وڕستەی شیعری تێکدەشکێنێ و دووبارەدەستوور وڕیزبوونیان بۆ دادەڕێژێتەوە، بەئامانجی"زەقکردنەوەی مەبەست و دروستکردنی سەروا و کورتکردنەوە ئەنجامی دەدات"(عەبدوڵلا، 2011: 84).

ئەمەش چەند جۆرێکی هەیە، لەو انە:

أ کرتاندن:

1-کرتاندنی بکەر:

(کاکەی فەلاح)دەڵێت: سەربەرستی ئەتپەرستم
تۆی تاقەخۆشەویستم
(ماڵەی شاعیر، 2004: 36)

بنە (من)، کە بکەری ڕستەکەیەکرتێنراوە، ڕستەکەلەبنجدا بەم چەشنەیە( سەربەستی من تۆئەپەرستم)ە.

2-کرتاندنی بەرکار:

(عوسمان عوزێری): ماوەیەك جوان گرتمەخۆ
ووشکت کردم هەروا بێ هۆ

(چەرمەگا،20094: 238)

لەنیوەی دووەمدا جێناوی سەربەخۆی (من)، کەئەرکی بەرکارە، کرتێنراوە.

3-کرتاندنی کار:

(کامەران موکری) دەڵێت: نوێنەکەم و قوژبنی ژوور
پەنجەرەی بچکۆلانەی سوور
پرێمزی دووکەڵاوی
خولیای شێواو تەماوی
سڵاوتان لێ ئەکەن هەموو... (بەفرین، 2012، 97)

کاری لێکدراوی (سڵاوتان لێ ئەکەن)، لەچوار نیوەدێڕی یەکەمدا، کرتێنراون، لەنیوەدێڕی پێنجەمدا هێناویەتی ، کەلەبنجدا دەبوو بەم جۆرەبن (نوێنەکەم و قوژبنی ژوور سڵاوتان لێ ئەکەن، پەنجەرەی بچکۆلانەی سوور سڵاوتان لێ ئەکەن، ... ).

4-کرتاندنی ئامراز:

(گۆران) دەڵێت:

کوڕی خەرجیی لێ وەرناگرێ، کۆشی نابینێ
کچی ساوا کێ چوزانێ هەتا بمێنێ (مەلاکەریم،1980: 220)

ئامرازی (و) لەنێوان وشەکانی (وەرناگرێ، کۆشی) کرتێنراوە، ڕستەکەبەم جۆرەیە(کوڕی خەرجی لێ وەرناگرێ وکۆشی نابینێ).

ب‌پاش و پێش خستن (جێگۆڕکێ):

(دڵزار) دەڵێت: بڕێژن لەڕێی ڕاستیا خوێنی گەش
بنێژن لەپێناو ژیانا کەلەش ( دڵزار، 2006: 53)

بەپێی یاسای ڕێزمانی، (کار) شوێنی کۆتایی ڕستەیە، بەڵام شاعیر لەهەردوو نیوەکەدا، هێناونی بۆسەرەتا. کەلەبنجدا دەبوو بەم جۆرەبن (لەڕێی ڕاستیا خوێنی گەش بڕێژن)، (لەپێناو ژیانا کەلەش بنێژن). هێنانەپێشەوەی ئەو کارانە، بۆ زەقکردنەوەی مەبەستە، کەتا قوربانی و خوێن نەدەی، ئازادی و سەرفرازی بەدەست ناخرێت.

(ئەسعەد مەحوی)دەڵێت: ئیختیاری حەپسی و دەری سەریم ئەمڕۆکە کرد
بۆ کوڕو کاڵی گەلم تاکو بنۆشن؛ جامی جەم

(ئاگرین، 2004: 156)

شاعیرگرێی (جامی جەم)، کەئەرکی بەرکارە، بردۆتەکۆتایی، کەپێویست بوو پێش (کار) بکەوتایە، شاعیر بۆ سەرنج ڕاکێشان و بەلووتکەکردنی بردوویەتی بۆ ئەوێی، مەبەستێتی بڵێ خۆشی و ژیانم لەپێناوی وڵات و لاوەکانیدا دەخەمە لاوەو ژیانی حەپسی و تاڵی و سوێری دەگرمەبەر بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە.

4- لادان لەئاستی و اتاسازیدا: لایەنێکی هەرەگرنگی ڕستەو اتاکەیەتی، دەکرێ بەیاسا و ڕێزکردنی کەرەستەزمانییەکان سەدان ڕستەدروست بکەین، بەڵام مانا وو اتایان نەبێت.و اتا بڕبڕەی پشتی هەرچەشنەنووسینێکە "هیچ زمانێك بوونی نییە، بەبێ بوونی و اتا" (ئەحمەد، 2013: 149). و اتە هیچ تێکستێك بێ پەیام و ناوەڕۆك نییە، چونکەهەڵگری دەروون و ناخی خاوەنەکەیەتی، ئەمەش لەڕێگای زمانەوەگوزارشتی لێدەکرێ، شاعیر بۆ دوورخستنەوەی زمانی شیعریەکەی لەزمانی ئاسایی پەنای بۆ دەبات. (تودورۆف) دەڵێت: "دان بەو سەرپێچیکردنانەی شاعیردا نانرێت، ئەگەر بەم بیانووە ئیستاتیکییەی نەبێت"(ئەحمەد، 2013: 149). و اتە پێویستەلادان پێش هەموو شتێك لە پێناوی جو انکارییدا بکرێت. شاعیر سەرپشکەو بۆی لواوە کەبەگوێرەی پێداویستی شیعرییەکەی چەندی سەرپێچی زمان بکات، بەڵام لەپێناوی مەبەست و ئامانج و ئیستاتیکدا بێت. ئەم جۆرەیەکێکەلەهەرەتایبەتمەندترین ئەو خەسڵەتانەی کەدەق بەرەو شیعرییەت و داهێنان دەبات و مەیدانێکی فراو انەتاوەکو شیعر کاکڵەو جەوهەری خۆی بنوێنێ، ئەمەش پەیوەندی بەدیوی ناوەوەی زمانەوەهەیە "لادانی و اتایی تایبەتمەندی شیعرە، هەستی مرۆڤی پێ دەورووژێنێ، بەوەش دەستکاری ئەو پەیوەندییەدەکا، کەلەنێوان ناو و ناولێنراودا هەیە، گۆڕان لەو اتاکاندا دەکا بەمەبەستی ڕاز اندنەوە... مەبەست (لادانی و اتایی لەزمانی شیعردا) لادانی گۆڕانەلەو بەکارهێنانەباو و سواوەی زمان"(دزەیی، 2009: 135). و اتەدەستکاری و بەز اندن و شکاندنی یاساکان دەکات و ئەرك و ڕۆڵی نوێتر بەوشەو واژەکان لەئاستی ناوەوەدا دەبەخشێ، کەئەمەش بەپێی مەرج و پێویستیەکی لۆژیکی دەبێ، نەك لەگۆترەو نەزانیەوە "لادانی و اتایی، و اتای پێچەو انەی درووستی و اتاییش دەگەیەنێ. دەتو انین بڵێین دوو مەرج بۆ دروستی و اتایی هەیە، ئەو انیش دروستی لەڕووی لێکدانی ڕێزمانی و لەباری لەڕووی و اتاوە" (کانەبی، 2009، 40). هەروەها (د.ئیدریس عەبدوڵلا) بۆچوونی و ایەکە"خواستن (استعارە) کۆڵەگەی سەرەکی ئەم جۆرەلادانەیە"(عەبدوڵلا، 2010: 75). بۆیەگەرشاعیر بەدروستی و لێز انیەوەئەنجامیبدا، زمانێکی کاریگەرو تۆکمە و سیحراوی بۆ دەقەکەی دەستەبەردەکات، کەبەهۆی ئەمانەوەدروست دەبێت:

1-لێکچو اندن:

(ئەسعەد مەحوی) دەڵێت: عەقلم وەکو ماڵێکەکەبێ خاوەن وکەس بێ
وا چۆڕی بڕی ئەو صەنەمەی نایەوە فاتە

(ئاگرین، 2004: 216)

شاعیر لێکچو اندنی لەنیوەی یەکەمدا کردووە(عەقڵ)، کەئەبستر اکە بە (ماڵ) کەبەرجەستەیە چو اندوە، ئەم لێکچو اندنەلەسەر بنەمای بەتەنکردنە(بێ خاوەنی و بێ کەسیش) ڕووی لێکچوونە، (وەك)یش ئەوزارە.

2-گیان بەبەرداکردن:

(حەسیب قەرەداغی) دەڵێت: پیکی ڕژاوم وا خۆڵ ئەیمژێ
وا چاوەڕو انیم خۆزگەئەیکوژێ
چۆلەکەی دڵم دا بەدەم باوە
نەپەیامی نارد نەخۆی گەڕاوە...

(قەرەداخی، 2002: 89)

لەم دەقەدا چەندین لادانی و اتایی ئەنجامدراوە، لەنیوە دێڕی یەکەمدا وشەی (خۆڵ) بێ گیان و بەرجەستەیەشاعیر سیفەتی (مژین)ی پێ بەخشیوە بەمەش بە گیانلەبەرکردنی ئەنجامداوە. لەنیوە دێڕی دووەمیشدا وشەی (چاوەڕو انی) مەعنەوی و ئەبستر اکە، سیفەتی مرۆڤی پێداوە، کەخۆزگەدەیکوژێ. هەروەها (خۆزگە) خۆیشی مەعنەویەو سیفەتی گیانلەبەری پێدراوە، کەکاری کوشتن ئەنجامدەدا. لەنیوە دێڕی سێیەمیشدا (دڵ)ی خۆی بە (چۆلەکە) چو اندووە، کەبەئاژەڵکردنی ئەنجامداوەو وێنەیەکی زەینی لە مێشکی خوێنەردروست دەکات، کە(دڵ)ی وەکو ئەو هەڵفڕاندووەو داوێتەبەر باوە.

3-خواستن:

(مارف بەرزنجی) دەڵێت:      خونچەی تاقانەی سەرچڵی باخم

شێتانەپەنجەی مەرگ هەڵی وەران

دیدەپڕفرمێسك، دڵ پڕلەداخم

بۆ ڕەحمەی دڵسۆز تا دوا ڕووی ژیان      (بەرزنجی و بە رزنجی ، 1993: 91)

لەنیوە دێڕی دووەمدا شاعیر بەرجەستەکردنی ئەنجامداوە، بەخواستنی پە نجەلەمرۆڤەوەو دانەپاڵ (مەرگ).

5-لادان لەشێواز: ئەم جۆرەبریتییەلەوەی کەلەزمانی نووسین و فەرمییەوەبۆ ئاوازی ئاخاوتنی ڕۆژانەو ئاسایی بگۆڕێ "جاری و ایە شاعیر لەشێوازی سەرە کی شیعر نووسین کەپتر لەسەر بنەمای ڕەگەزەکانی زمانی نووسینەوەدامە زراوەو کەمتر ئاوڕ لەڕەگەزەکانی زمانی ئاخاوتن دەداتەوە لادەدا و لەواژەو پێکهاتەنەحوییەکانی زمانی خەڵك کەڵك وەردەگرێ"( یەعقوبی، 2002: 38). هەروەها (د.محەمەد مەعروف فەتاح)یش دەربارەی ئەم جۆرەدەڵێت: "بازدان لەشێوازێکەوەبۆ شێوازێکیتر و جیاواز لەچوارچێوەی چەند دێڕێکدا ڕەنگەهەرلەکاری ئەدەبیدا ڕێگەی بدرێ، مەبەست لەشێوازلێرەدا جۆرێکەلە زمان کەبەپێی بارودۆخی زمان بەکارهێنان دەگۆڕێ"( فەتاح، 2010: 421). و اتەبازدان و گۆڕینی شێواز بۆ شێوازێکیدی، لەهەمان دەقی شاعیر.

(مەدهۆش)،دەڵێت:      ئینجا ئەبینین سەیرە، سەیرانە

ئەوسا دڵداری وژیان ئاسانە

ئێمەش بەخۆشی دەست ئەکەینەمل

بەماچی گەرم وتیکەی چەوروزل      (مەلاکەریم، 2006: 65)

دێڕەکان بەشێوەی زمانی نووسینی ئاساین، بەڵام لەکۆتا نیوەدا دێڕدا لە شێواز لایداوە، قسەی ئاسایی و بازاڕی بەکارهێناوە. هەروەها (عوسمان عوزێری)یش دەڵێت:

من بووکە شووشەی مناڵم

ژیرکەرم هۆی گروگاڵم

من (یاری)ی مناڵەوردەکەم

بێ فەڕترین بووکە شووشەم

تۆش پەیکەرێکی پیرۆزی

ڕێك و پێکی بەرزی قۆزی      (چەرمەگا، 2009، 237)

شاعیر لەدوو نیوەی دووەمدا لەشێوازی سەرەکی لایداوە، زمانێکی ئاسایی و ئاست نزم و خۆ سەرزەنشت کردن و خۆبێ نرخکردنی خستۆتەڕوو.

6-لادان لەناونیشان: دیارەناونیشان ڕۆڵی گرنگی هەیە، دەروازەو چوونەنێو دە قە، کۆد و کلیل و پەی بردنەبەدەقەکەو تێگەشتن لێی هەرلەوێوەدەست پێ دەکات. بۆ نموونە (مارف بەرزنجی) ناونیشانی دەقێکی بە ناوی "نیسانی یەخە"( بەرزنجی و بەرزنجی ، 1993: 108). کەلادانی و اتاییەو (یەخە)ی داوە تەپاڵ (نیسان) و بەمرۆڤکردنی ئەنجامداوە، هەروەها "هاوینی دڵ"ی دیلان (ئاگرین، 2013: 180).

7- لادانی ناوەکی: ئەم جۆرەلادانە "کاتێك ڕوودەدات، کەنووسەرلەو ئاسایی و لۆژیکەی کەزاڵن بەسەربەرهەمی خۆی لابدات، بۆ نموونە، کاتی بانگەشەی شتێك دەکات و دواجارلێی پەشیمان دەبێتەوە" (کانەبی، 2009: 52).

(گۆران) دەڵێت:      لە لێشاوی غەڵبە غەڵبا

بانگێکی دا لە گوێچکەم (با)

" ... ڕژێمی جەمهوری بژی.."

خەو ئەبینم، جەمهووری چی؟

(مەلاکەریم ،1980: 281)

## ئەنجام:

١-شیعری زیندان وەکو بەشێک لە شیعری بەرەنگاری، خاوەن زمان و فەرهەنگ و تایبەتمەندێتی خۆیەتی.

٢- زمانی شیعری زیندان، زمانێکی سادە و ساکار و زمانی شیعرییەتی حەماسییە، بەشێکی زۆریان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆی دو اندەری دەربڕاون.

٣- زمانی شیعری زیندان ڕاستگۆو ڕاشکاوە لەگەیاندندا، گرنگی بە مەبەست و ناوەڕۆکەکەی زیاتر لەفۆرم و ئیستاتیکا دراوە.

٤- ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر فۆرمی شیعری کوردیدا هاتووە بەتایبەتی زمانی شیعرییەکەی، کاریگەری بەسەرشیعرەوەهەبووە، بەتایبەتی شیعری زیندان.

٥- هەموو جۆرەکانی لادانی زمانی شیعری لە ئاستەکانی (دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی، و اتاسازی)دا بەکارهێنراون و لەبنیاتی دەقەکانی شیعری زینداندا ڕەنگیان داوەتەوە.

## سەرچاوەکان:


کتێب بەزمانی کوردی

1-ئەحمەد، پەخشان عەلی،2009، شێوازی شیعری گۆران، چ1، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

2-ئەحمەد، نەجات حەمید،2008، تیۆری بنیاتی شاراوە، چ1، دەزگای ئاراس، هەولێر.

3- ئەحمەدی، بابەك، 2004، پێکهاتەوڕاڤەی دەق ،کتێبی یەکەم, و:مەسعود بابایی، چ1، بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، چاپخانەی ڕەنج، هەولێر.

4-ئەحمەد، د.سافیە محەمەد، 2013, لادان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، بڵاوکردنەوەی ئەکادیمیای کوردی، ژ (250)، چاپخانەی حاجی هاشم، هە ولێر.

5-ئاشنا، ئومێد،2005، دیو انی بێکەس، چ2، دەزگای ئاراس، هەولێر.

6-ئاشنا، ئومێد ،2007، شێوەو ناوەڕۆك، چ1، دەزگای ئاراس، هەولێر.

7-ئاگرین، د.عەبدوڵڵا، 2004،دیو انی ئەسعەد مەحوی,چ1، دەزگای ئاراس، هەولێر

8-ئاگرین، د.عەبدوڵڵا، 2013،دیو انی شیعر(محەمەد ساڵح دیلان)،چ2,چاپخانەی چوارچرا،هەولێر.

9-بنەماڵەی شاعیر، 2004، دیو انی کاکەی فەلاح، چاپخانەکارۆ، سلێمانی

10-باڵەکی، یادگار ڕەسوڵ حەمەدەمین،2005، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی (1898 – 1932)، چ1، دەزگەها سپرێز، چاپخانا وەزارەتا پە روەردێ-هەولێر.

11-بەرزنجی،سامان مارف&بەرزنجی،عومەرمەعروف ،1993، سەرجەمی بە رهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید، چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر.

12-توفیق، د.قەیس کاکل، 2007, ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، چ1، دە زگای ئاراس، هەولێر.

13-بەفرین،حسێن،2012 دیو انی شیعر(کامەران موکری), چ2, چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

14-چەرمەگا، بەرزان حاجی ئیبراهیم ، 2009، دیو انی شەهید عوسمان عوزێری، چ2، چاپخانەی یاد، سلێمانی

15-حەسەن، محەمەد فەریق، 2005، تکایەدەست بە شیعرەوەبگرن، چ1،دەزگای ئاراس، هەولێر.

16-حیلمی، ڕەفیق، 2010، شیعروئەدەبیاتی کوردی، چ2، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

17-حەسەن، حەمەسەعید، 2010، لەهەیڤدا بۆڕووی تۆولەپەیڤدا بۆخۆم دەگەڕێم، چ1، دەزگای ئاراس، هەولێر.

18-خەزنەدار ،د.مارف، 2006، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب6، چ1، دەزگای ئاراس، هەولێر

19-دزەیی، د.عەبدولواحد مشیر ،2009، و اتاسازی، چ1، چاپخانەی خانی، هەولێر.

20-دزەیی،عەلی فەتاح ،1987، دیو انی شیعر(خرۆشان وڕامان)، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر.

21-دڵزار ،2006, (دیو انی دڵزار- شیعر)، چ2، چاپخانەی بەڕێوەبەر ایەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

22-ڕەسووڵ، د.عیزەدین مستەفا،1990، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی فێرگەی باڵا، هەولێر.

23-ڕەسووڵ، د.عیزەدین ستەفا، 2016،دیو انی ئەحمەد موختارجاف،چاپخانەی پەنجەرە،تاران.

24-ڕەشید، د.فوئاد،2007، دەقی ئەدەبی "ئەدگار، چێژ، بەها"، چ1، دەزگای ئاراس، هەولێر.

25-ڕەزا، ئەحمەد، 2007,هونەری شیعر نووسین، ب1، چاپخانەی دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندن.

26-ڕەنجدەر،سەباح ،2011، دوو کتێب لەبارەی شیعرەوە، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

27-سابیر، د.پەرێز،2006, ڕەخنەی ئەدەبی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چ1، دەزگای ئاراس، هەولێر.

28-سامان، فەریدوون،2012، ئەزموون لەنێوان شکست و داهێناندا، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

29-سۆن، مێجەر ئی.ب،2007، چەند سەرنجێك دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خوارووی، و: نەجاتی عەبدوڵڵا، لەبڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

30-شێخ بزێنی، سەعد فاروق یوسف،2011، بنیاتی هونەری لەشیعری (ئە حمەد موختاربەگی جافدا)، چ1، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر.

31-عارف, حەمەکەریم،2007، سادق هیدایەت، نموونەی مەرگی نووسەر، و:حەمەکەریم عارف، چ1، لەچاپکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم، سلێمانی.

32-عەبدوڵڵا ،د.ئیدریس ،2010-2011 ، شێوازو شێوازگەری، چ1، چاپخانە ی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

33-عەبدوڵڵا ،د.ئیدریس،2011، لایەنەڕەو انبێژییەکان لەشیعری کلاسیکی کوردی,بەنموونەی (حەمدی و حاجی قادری کۆیی) ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

34-عەبدوڵڵا ،عەبدولسەلام نەجمەدین ،2008، شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەو انیەوە، چ1، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

35-عیسی، هاوژین سلیوە،2009، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری شێرکۆ بێکەس دا، چ1، دەزگا و چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

36-عەبدوڵڵا، عەبدولموتەڵلیب،2010، (زمان، بوون، شیعر)، چ1، چاپخانە ی خانی، دهۆك.

37-غەمبار، کەمال،2008، بەرەو جیهانی شیعری چەند شاعیرێك، چ1، دە زگای ئاراس، هەولێر.

38-فەتاح، د.محەمەد مەعروف،2010، لێکۆڵینەوەزمانییەکان، ك+ئا: شێروان حسێن خۆشناو – شێروان میرزا قادر، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

39-فتاح، د.محمد معروف2011، زمانەو انی، چ3، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی ژ(124)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

40-قادر، حەمەحەمەئەمین (کاکەی فەلاح)،2020، کارو انی شیعری نوێی کوردی، چ1، بڵاوکراوەی کوردستان، سنە

41-قەرەداخی، حەسیب، 2002، فەرهەنگی خەم -س.ش، ب1، چ1، دەزگای ئاراس، هەولێر.

42-کانەبی، دلێر صادق،2009 ، هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد، چ1، چاپخانەی خانی، دهۆك.

43-مدرس, مەلا عبدالکریم & عبدالکریم ،فاتح ،1364، دیوان نالی،چ1،چاپخانە سپهر،تهران .

44-مستەفا، ئاسۆ عومەر،2009، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعرلای (پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران)، چ1، چاپخانەی خانی، دهۆك.

45-مەحموود، ئازاد ئەحمەد،2009، بونیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردی (1985-2005)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

46-مەلاکەریم، محەمەدی ،2006، یانەی دڵان(دیو انی شیعری مە دهۆش)،چاپی سێیەم,چاپخانەی گەنج، سلێمانی

47-میراودەلی، کەمال ,2013، گۆران ڕۆمانسیزمی سروشت و جو انی، بێ ناو و شوێنی چاپ.

48-مەلا، ئەحمەدی، 2005،شیعر تەنیا هەر بنەمایە - لێکۆڵینەوەی ڕەخنە یی، چ1، دەزگای ئاراس، هەولێر.

49-هۆراس، 1970،هونەری شیعر، و: حەمید عەزیز، چ1، مطبعە الزمان، بە غدا.

50-یەعقووبی، عەبدولخالق،2002، دەنگی بلوریی دەق، چ1، ناوەندی کوردیکا، بۆکان.

کتێب بەزمانی عەرەبی

51- العوادي، د.عدنان حسين،1985، لغه الشعر الحديث في العراق,بين مطلع القرن العشرين و الحرب العالمية الثانية، منشورات وزارة الثقافة والاعلام

نامەی ئەکادیمی کوردی

52- تۆفیق، ئاڤان عەلی میرزا،2008، چینینی دەق لەشیعرەکانی نالی دا، نامە ی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

53- سەعید، ناز ئەحمەد ،2010، لادان لەشیعری (لەتیف هەڵمەت)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

گۆڤاری کوردی

54-سابیر، د.پەخشان&عەبدولقادر، جوان، 2011، شیعری زیندان لەنێوان و اقیع و ئەدەبدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ17

55-شەریف، عەبدولواحید ئیدریس ،2021، بەرەنگاری لەشیعرەکانی مەلا عەلی دا، گۆڤاری زانکۆی راپەرین، ژ2

56-یەعقووبی، عەبدولخالق ،2006، (زمان، بالاپۆشی هزر)، گۆڤاری ڕامان، ژ(108).

گۆڤاری عەرەبی

57-مصطفى, مصطفى سيد مينه,2014, زمانی شیعری هێمن، مجلة جامعة كركوك، العدد(1).

گۆڤاری فارسی

58-حسومی، ولی والله،1392،تحلیل زبان ادبی قران با تکیه بر نقد نظریه جدایی زبان ادبی از زبان عادی، فلصنامه علی پژوهشی فلسفه و الاهیات،ش4 .

پێگەی ئینتەرنێت - کوردی

59--قەبانی، نزار، شیعر چییە؟ و: حەسەن ئەیوب زادە: https://www.kurdipedia.org/?q=20101222144124194918lng=1

ملخص البحث

لغة شعر السجون

هذا البحث جزء من رسالة ماجستير معدة للمناقشة تحت عنوان(شعر السجون في جنوب كوردستان الكرمانجية الوسطى ١٩٢٠-١٩٧٠) وهو محاولة لتسليط الضوء على شعر السجون عامة واللغة الشعرية الخاصة بتلك النصوص المكتوبة في زوايا السجون المظلمة بشكل مباشر، بالاضافة الى ذلك يتطرق البحث لعرض خواص ومميزات والانزياح اللغوي في تلك النصوص الشعرية. ونظرا لسعة الموضوع ولغرض تحقيق الهدف المنشود والحصول على نتائج مميزة، خصصنا حدود البحث بشعر شعراء اللهجة الوسطى في جنوب كوردستان بين اعوام ١٩٢٠-١٩٧٠. لهذا تم تقسيم البحث الى مقدمة وقسمين رئيسيين حيث يشمل الجانب النظري والتطبيقي للبحث. ويتضمن الجانب النظري تعريف ومفهوم اللغة الشعرية، اراء الكتاب والباحثين، اللغة الشعرية في هذه الفترة والتغييرات التي طرأت عليها، اما الجانب التطبيقي فهو محاولة لعرض الخواص والمميزات اللغوية في هذا النوع من الشعر وذلك من خلال تحليل مجموعة من الامثلة الشعرية.

مفاتيح الكلمات : لغة الشعر، شعر السجون ، الانزياح اللغوي.

Abstract:

Prison Poetry The language of

The research is part of a master's thesis prepared for discussion under the title;
(Prison Poetry in South Kurdistan,middle kermanj (1920-1970), which is an attempt to shed light on prison poetry in general and the poetic language of those poetic texts written in the dark corners of prisons directly, as well as an attempt to present the characteristics, advantages, and displacement in that kind of poetic language in those poetic texts, and in light of the breadth of the study. The limits of the present research is the poetry of the middle dialect poets in Southern Kurdistan between the years 1920-1970, due to the breadth of the subject and the achievement of the desired goal and obtaining distinguished results. For this, the research has been divided into an introduction and two main sections, which include the theoretical and practical aspects of the research. The theoretical side contains the definition and concept of poetic language, opinions of writers and researchers,
As well as the poetic language and the alterations that occurred to it. On the other hand, the practical side attempts to show the linguistic elements and qualities of this form of poetry through the analysis of a collection of poetic samples.

Poetry language, prison poetry, language displacement
keywords: